# لەسایلۆ تەنی (گەنم) بە (٤٠٠) هەزارو (جۆ)ش بە (٧٢٠) هەزار دینارە!



ریپۆرتاژی: شێرکۆ مەحموود

بەهۆی سێ ساڵی لەدوای یەکی وشکەساڵییەوە زیانێکی زۆر بەر جوتیارانو مەردارانی دەڤەری مەخموور کەوتووە، کاریگەریەکەی هێندە زۆربوو بەشێوەیەك کە ئەمساڵ زۆربەی جوتیاران دانەوێڵەیان نەچاندو مەڕدارەکانیش لەبەر نەبوونی گژوگیاو ئالیك تەواوی ماڵاتەکانیان هەرزانفرۆشکرد، کە ئەمەش بووە هۆی زیانێکی گەورە لەئابووری خەڵکەکەو ناچاربوونیان بەدووبارە کۆچکردن لەگوندەکانەوە بۆ نێو شار، چەند جوتیارێك دوای ئەوەی کە بڕە دانەوێڵەیەکیان تۆ کردبوو پاش هەناردەکردنی بۆ سایلۆ دوچاری بارێکی چاوەڕواننەکراو ببوونەوەو بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیان پێوەکردینو ئێمەش بۆ بەدواداچوونی کێشەکانیان ئەم ریپۆرتاژەمان سازکرد.

(دلشاد عومەر) کە جوتیارە لە کەندێناوەو لە دوو ساڵی رابردوو نزیکەی (١٠٠) ملیۆن دیناری زیان لێکەوتووەو ئەمساڵیش تەنیا (١٢) تۆن گەنمی هەیە، دوابەدوای هەناردنی بۆ سایلۆ، لەبەر لاوازی دەغڵەکەی بە پلە سێ واتە بەنرخی (٤٠٠) هەزار دینار بۆ هەر تۆنێك خەمڵێندراوە، ئەویش ناچار دانەوێڵەکەی دەگەڕێنێتەوەو بەسایلۆی نادات، ئەگەرچی چۆتە لای بەڕێوەبەری سایلۆو پێی گوتووە کە ئەو کردینو حەزی نەکرد ناوی ئاشکرا بکرێت بۆیە تەنیا بەپیت ناوەکەی دەخەینەڕوو، ئەمیش (ك.ر.ع)ەو خەڵکی ناوچەی (شەمامك)ەو بەرهەمی ئەمساڵی (٥٠) تۆن گەنمو جۆو کورکو زیوانی تێدا نییە، تەنیا لەبەر ئەوەی گەنمەکەی لاوازە بە پلە سێ لێی وەردەگرن، ئەو وتی "نازانم چۆن بیبەم بۆ سایلۆ؟"، بۆیە بڕیاریداوە بیداتە عەللاف چونکە بە نرخی (٥٠٠) هەزار کەمتر لێیناکڕێ، ئەو عەللافەش هەر دەیبات بۆ سایلۆ، ئەو جوتیارەش وتی "بۆچی لەوان بەو نرخە وەریدەگرن؟ ئەگەر هەماهەنگیەك نەبێ لەنێوانیان"، سەبارەت بەڕۆڵی یەکێتی جوتیارانیش دەڵێ "ئامادەم بێم لەسەر تەلەفۆن پڕ بەدەمم بڵێم ئێوە هەر چ نینە خۆزگە هەر نەبوونایە، لەبەر ئەوەی ئەوساڵ چووم داوای (مڕەشە)و پێداویستیم کرد، گوتیان ئەوساڵ نا با بۆ ساڵێکی تر بێت، ئەوە پاڵپشتی کردنە لەکەرتی کشتوکاڵ، لەهەموو پارێزگاکانی عێراق جوتیاران لەبەرامبەر هەر دۆنمێك بڕی (٢٨٦٠٠) دینار قەرەبۆیان وەرگرتووە، ئێمەش نەقەرەبۆی زەویو نە قەرەبۆی گوندکاول بوونمان بۆ نەکراوە".

ئەم دوو جوتیارەی سەرەوە نموونەی چەندین جوتیاری ترن کە بینیمانن، دەبێ لەو نێوەندە رۆڵی وەزارەتی کشتوکاڵ ئایا ئەوان چیان دەرهەق بە نرخی دانەوێڵەو قەرەبۆی جوتیاران کردووە؟ لە وەڵامدا وتی "کەس بۆ کێشەی نرخ سەردانی نەکردووین تا تەدەخول بکەین، بۆ قەرەبۆش جوتیارانیان ناونووس کردووە ئەگەر قەرەبۆ بکرێنەوە، هەروەها هەر جوتیارەی (٥) گونیە جۆیان پێدراوە بەهەماهەنگی لەگەڵ کشتوکاڵی مەخموور تا هەر چ نەبێ بازاڕکە گران نەبێت".

## بەڕێوەبەری سایلۆ: هەرکەسێ تێبینی لەسەر یەك فەرمانبەر هەیە با قسە بکات

ئەگەر گەنمی خوراو یا پێشوولەداری تێتدابێت واتە هی ساڵانی رابردووەو وەرناگیرێ.

(گەنمی پلە دوو)ش (پیسی ٥٪)، (کوورك دوودانە)، (زیوان ٣،٠٪)، (گەنمی شکاو ٤٪)، (جۆ ٢٪).

(گەنمی پلە سێ) (پیسی ١٠٪)، (کوورك ٣،٠٪)، (زیوان ١٪)، (جۆ٢٠٪)، هەر دانەوێڵەیەك لە گەنمو جۆ خوراو و پێشوولەدار بێت یان هێنراو (مستورد) بێت وەرناگیرێ.

(جۆ) پیسی ١٠٪و کوورك ٥،٠٪و زیوانی کەم بێتو کێشی جۆری (٥٤) بێت.

ئەوەی تێبینیمان کرد لەپلەو رێژەکان ئەوەبوو کە گەنمی پلە سێ رێژەکانی دەبێت زۆر خاوێنتر بێت لە جۆ، لەگەڵ ئەوەی کە هەردووکیشیان هەر بۆ ئالیکی ئاژەڵن، کەچی نرخی گەنم (٤٠٠) هەزارەو جۆش تۆنی بە (٧٢٠) هەزار دینارە، دەبێ حیکمەت لەوە چیبێت؟

هەر لێرەوە بەڕێوەبەری سایلۆ دەڵێت "ئێمەش ئەو جیاوازییەمان بینی بۆیە نووسراومان بۆ لیژنەی باڵای نرخ دانان کردووە، وابزانم پێشنیارەکەی ئێمەیان وەرگرتووە، بەڵام تائێستا وەڵامیان بۆ نەهاتۆتەوە.

سەبارەت بە وەرگرتنی دانەوێڵە لەسایلۆ لەساڵانی رابردوو وتی "دەبوایە جوتیار پاڵپشتی لقی کشتوکاڵ بێنێتو خەڵکی دەڤەرەکە بێت، بەڵام ئەمساڵ ئەوە نەماوە، نرخیش لەوەزارەتی بازرگانی عێراقی دیاریدەکرێت، ئەو بەرووبوومەی کە ئەوساڵ وەریدەگرین زیاتر هی لای رانیەو سلێمانییە، ئەویش لەبەرئەوەی ئێرەیان بۆ ئاسانترەو زووتر بەرێ دەکرێن".

بۆ وەڵامی پرسیاری جوتیارانیش کە دەڵێن چۆن لەعەللافی وەردەگرن وتی "عەللاف زۆربەیان بۆ کاتی گرانبوون هەڵیدەگرنو دەیفرۆشن، ئەوەشی کە دەیهێنێت بۆ سایلۆ ئەوا پاکی دەکاتەوە، هەڵبەت پلەکەی بەرز دەبێتەوە، یان لەگەڵ گەنمی تر لێکی دەدا، ئێمە پێی دەڵێین (ناعمە)و (خەشنە) وردو درشتی لێدروست دەبێت بەمەش دەبێتە پلەیەکی باش، بەڵام جوتیار لەسەر دەراسە راستەوخۆ بۆ سایلۆی دەهێنێت بۆیە دەبێتە پلەیەکی خراپ.

سەبارەت بەبوونی پێشنیار یا هەماهەنگی یەکێتی جوتیاران، وەڵامی ئەوەبوو "ئەوان هیچ پێشنیاریان نەبووە، هەماهەنگیشیان هەر نییە، بەڵام نەك هەر یەکێتی جوتیاران بەڵکو ئەگەر جوتیارێکیش پێشنیار یا رەخنە یا سکاڵای هەبێت ئەوا زۆر پێ مەمنوون دەبم".

پرسیمان کە خەڵك بەوردبین سەیری سایلۆ دەکەنو قسەشی لەسەر دەکەن ئەو تا چەند ئەو قسانە رەتدەکاتەوە، وتی "راستە قسە دەکرێت، بەڵام من ١٠٠٪ی رەتی دەکەمەوەو هەرکەسێ تێبینیەکی لەسەر یەکێ لە فەرمانبەرەکانی ئێرەش هەیە با قسە بکات تا گوێی بۆ بگرم".

لەوەڵامی پرسیاری ئەوەی کە بەزەحمەت جوتیاران دەتوانن بچنە لای گوتی "ئەوەی بۆ پێشنیارو خزمەتکردن بێت خۆم لەپرسگەوە بەخێرهاتنی دەکەم، ئەوەیش بۆ کاری نا شەرعیو دەرەوەی رێنماییەکان بێت، ئەوا گوێی بۆ ناگرم".

لەکۆتاییشدا هیوای خواست بتوانێ دوای وەرزی دانەوێڵە وەرگرتن سیمینارێك بۆ برا جوتیارەکان بکات تا فێربن دانەوێڵەی باش بەرهەم بهێنن و داواشی کرد وەزارەتی کشتوکاڵ گەنمو جۆی (مصدق) باوەڕپێکراو بداتە جوتیارانو لەوەرزی دروێنەش حکومەت گاز بۆ دروێنەو گواستنەوە دابین بکات.

لەکۆتاییدا بۆمان دەرکەوت کە نا دادپەروەری لەدانانی نرخی گەنمی ئالیكو جۆ هەیە، ئەمەش وایکردووە جوتیاران دەنگ هەڵبڕن، بۆیە داوا لە لیژنەی باڵای نرخ دانان دەکەین بەسەر ئەم خاڵەدا بچنەوە.

## جوتیارێك: یەکێتی جوتیاران هەر چ نینە، خۆزگە هەر نەبوونایە

گەنمەی ئێوە بە (٤٠٠) هەزار وەریدەگرن لەدەرەوە (عەللافەکان) بە (٥٥٠-٦٠٠) هەزار دەیکڕن، خۆ ئەوانیش هەر دەیهێننە سایلۆ، ئاخۆ دەبێ ئەوان بۆ زەرەر بیکڕن؟، ئەو جوتیارە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت "چەند ساڵە لقی کشتوکاڵ پاڵپشتی بۆ جوتیاران دەکرد، بەڵام ئەمساڵ هەر کێی دانەوێڵ بباتە سایلۆ وەریدەگرن، گوناهی من چیە کە باران نەباریوەو گەنەکەم لاوازە خۆ ئێرە ئوسترالیاو ئەمریکاو کەنەدا نیە هەموو شتێك بۆ جوتیار دابینکرابێت، ئێمە دەبێ چاوەڕوانی رەحمی خوداو باران بین".

جوتیارێکی تر بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوە چیبێت؟ ئەوەتا کاك (سەعید) بەڕێوەبەری کشتوکاڵی مەخموور سەبارەت بەتەسلیمکردنی دانەوێڵە بۆ سایلۆ دەڵێت "ئێمە پەیوەندیمان بە سایلۆوە نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە جوتیارێك داوای پاڵپشتی بکات ئەوا بۆی دەکەین، ئەوەی سەردانیشمان نەکات ئەوە کەیفی خۆیەتی".

(عەلی بندیان)ی بەرپرسی لیژنەی ناوچەی جوتیاران سەبارەت بەو کێشانەی جوتیاران وتی "تائێستا هیچ جوتیارێك بۆ پاڵپشتی یا سکاڵا نەهاتۆتە لای ئێمە، ئەگەر بێن تا شوێنی پێویست ئێمە بەدوای کێشەکانیانەوە دەچین"، ئێمەش پرسیمان سەروبەندی کێشەکان هەر دەبێ ئاراستەی سایلۆ بکرێت، بۆیە سەردانی سایلۆی مەخموورمان کردو لەلای (بارزان زیاد) بەڕێوەبەری سایلۆ سکاڵای جوتیارانو پەیوەندی وەزارەتی کشتوکاڵو یەکێتی جوتیارانمان هەڵڕشت، ئەویش سەرەتا شێوازی کارکردنی سایلۆی بۆ شیکردینەوە کە لە هەر لۆری یا ترێلەیەك دانەوێڵە نموونەیەك وەردەگرنو لەتاقیگە دەیپشکنن تا جۆرو پلەی بۆ دابنێن.

(گەنمی پلە یەك) دەبێ (پیسی ٢٪)و (گەنمی شکاو ٤٪)و (شێ ١٢٪)و جۆ ٢٪ زیاتر نەبێو نابێ کوورکو زیوانی تێدابێت،

## وەزیری وەرزش و لاوان، پرۆژەیەکیش بۆ مەخموور



یاریگای مەخموور بووەتە جێگای لەوەڕاندنی مەڕو بزن (فۆتۆ: دەنگی مەخموور)

موحسین شوانی

لەمانگی شەشی ٢٠٠٩دا لەلایەن وەزارەتی وەرزشو لاوان بە سەرۆکایەتی (تەها بەرواری) وەزیری وەرزش ولاوان، لەشاری دهۆك، بەردی بناغەی کۆمەڵێك پرۆژەیان دانا، شایەنی باسە ئەم بەسەرکردنەوەو گرنگی پێدانە لە لایەن وەزارەتەوە بۆ وەرزش لە کوردستان جێی دەست خۆشی و سوپاسەو هەرچەندە منەتی ناوێت و ئەوە ئەرکی وەزارەتە، بەڵام پێویستە وەزیری بەرێز بەبێ جیاوازی سەیری سەرجەم دەڤەرو ناوچەکانی تری کوردستان بکات.

دوای ئەوەی تەواوی ئەو راپۆرتە هەواڵانەم لەرۆژنامەی هەولێر خوێندەوە هەم دڵخۆشو هەم نیگەران بووم! لە یەکەم وێستگەی شاندی وەزارەتدا، دانانی بەردی بناغەی ناوەندی وەرزش ولاوانی بەردەڕەش بوو، کە گوایە پرۆژەیەکی ژێرخانی وەرزشی گرنگەو بە گوژمەی ١ ملیار و٧٠٠ ملیۆن دینار و، لەسەر پانتایی (٣٠س) لە هەر مەتر دووجاێك دا بنیات دەنرێت، جێگەی ئاماژەیە شارۆچکەی بەردەڕەش، لەساڵی (٢٠٠٠)وە بڕیاری دروستکردنی یاریگای ئۆلۆمپی بۆ دەرچوو، بەڵام تائێستا تەواو نەکراوە، لەوێدا وەزیری وەرزش ولاوان دوای تێپەڕبوونی (٨) ساڵ بەسەر ئەم پڕۆژەیەو تەواونەکردنی بەڵێنی دا کە بەدواداچوونی بۆ بکەن! سەیرە پڕۆژەیەك لەماوەی هەشت ساڵدا بە ئەنجام نەگەینرێتو تازە بە تازە وەزیری بەڕێز بەدواداچوونی بۆ دەکات! هەر لەمیانەی سەردانەکەیان ستافی وەزارەت لە مەراسیمێکی گەورەدا بەردی بناغەی ناوەندی وەرزشو لاوانی ئاکرێیان دانا بە گوژمەی ١ ملیارو ٦٠٠ ملیۆن دینار، وا بڕیاریشە بە ماوەی ساڵێك دروستبکرێت؟ بەرپرسی پڕۆژە وەرزشییەکانی وەزارەتیوەرزش ولاوان لە دهۆك و دەوروبەری سەبارەت بەم پڕۆژەی ئاکرێ گوتی "ئەو پڕۆژەیە تا ئێستالە هیچ شوێنێکی عێراق دروست نەکراوە، کە پێکهاتووە لە ناوەندێکی گەورەی وەرزش و لاوان، جگە لە وەرزش کاری هونەری و شانۆی تێدا دەکرێت، مەلەوانگەو یاریگای تێنسی سەر زەوی و هۆڵی باڵەو باسکەو..... هتد، تێدایە".

ئەم جارەیان شاندی وەزارەت ڕوو لە شێخان دەکەن و بە هەمان شێوە بەردی بناغەی ناوەندێکی گەورەی وەرزش و لاوان بە گوژمەی ١ ملیارو ٦٢٨ ملیۆن دینار دروست دەکات، دواتر لە وتەیەکدا تەها بەرواری لە قەزای شێخان وتی "بە هۆی ئەوەی شێخان هەڵوێستی کوردانەی خۆی نواندووەو بایکۆتی ئیدارەی موسڵ و لیستی حەدبای کردووە، لە لایەن حکومەت وەزارەتەوە گرنگی تایبەتی پێ دەدرێت؟!

لە دهۆکیش ئەم پڕۆژانە بەردی بناغەیان بۆ دانرا:

١ - بەردی بناغەی مەلەوانگەیەکی نێودەولەتی بە گوژمەی ١ ملیارو ١٦٣ ملیۆن دینار.

٢ - ماڵی وەرزشی، پڕۆژەیەکی مۆدێرن بە گوژمەی ٨٣٨ ملیۆن دینار، کە لە بری هۆتێل بۆ مانەوەی تیپ و یاریزانەکان بەکاردێت، تایبەتمەندی هۆتێلێکی چوار ئەستێرەی هەیە.

٣ - باڵەخانەی وەرزش ولاوان بە گوژمەی٤٨٣ ملیۆنو ٧١٩ هەزار دینار.

٤ - مەلەوانگەی مۆدێرن لەزاخۆ، بەگوژمەی ١٦٣ملیۆن دینار.

دواتر لە زاخۆ لەمیانەی وتەیەك وەزیری بەرێز وتی: "ژمارەیەکی زۆر پڕۆژە لە شارەکان ئەنجام دەدەین کە هەموویان بە گوژمەی (٥٣) ملیار دینارەو بە تەنیا پڕۆژەکانی دهۆك (١٦) ملیاری بۆ دانراوە.!.

ئەرێ بەڕاست وەزیری وەرزشو لاوان ئەزانن شارۆچکەیەکیش هەیە ناوی مەخموورە لە ساڵی (١٩٢٧) قەزایە؟ ئەم شارۆچکەیە لەم بەخشینانەی بەرێزتان بێ بەشە، ئیدارەی مەخموریش وەکو شێخان بایکۆتی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ و لیستی حەدبای کردووە، دەبا ئەویش لەلایەن حکومەتو وەزارەتی وەرزش ولاوان وەکو شێخان گرنگی پێبدرێتو پرۆژەی تیا ئەنجام بدرێت، ئێمەش دەزانین وەرزش چیە! بگرە چەندەها وەرزشوانی بە توانامان لەیارییە وەرزشییە جیاجیاکانمان هەیەن لەم شارۆچکەیە.

ئەگەر سەیری مێژووی ئەم شارە بکەین ئەوا مێژووی لەخەباتو قوربانیدانو ماڵوێرانیو کوردایەتی درێغی نەکردووە، ئەگەر دهۆكو ئاکرێ وزاخۆ و بەردە ڕەش پێویستیان بە پڕۆژە بێت ئەوا مەخموور زۆر پێویستی زیاترە بەم پڕۆژانە،چونکە ئەم شارو شارۆچکانەی کە بەر پڕۆژەکانی وەزارەت کەوتوون ئەوانە دەمێکە ئازادن و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزاری بۆ درێژ کردوون .

بەڵام شارۆچکەی مەخموور تا ساڵی (٢٠٠٣) لەژێر چنگی ڕژێمی بەعسی رووخاوبوو جگە لەماڵوێرانی وبێ خزمەتی چیتری بۆ نەماوەتەوە، ئەم شارەش لاوو گەنجو وەرزشوانو هونەرمەندو.. هتد تێیدا دەژی، نەك هەر ئەوەش ئەرێ بەڕاست جەنابی وەزیر جارێك سەردانی مەخموورت کردووە؟ ئەی هەواڵی لاوانی مەخموورت پرسیووە؟ چاوت بە یاریگاو باڵەخانەی ناوەندی وەرزش ولاوانی مەخموور کەوتووە؟ خۆت دەزانی بەهۆی تەقینەوە تیرۆریستیەکەی ٢٠٠٧/٥/١٣ کە ئەوە بۆ ماوەی دوو ساڵە، وەرزشوانان و لاوان بێ جێگەو ناوەندن، تکایە سەردانی مەخموور بکە یان باڵەخانەی نوێ وەکو ئەوانەی لە دەڤەری دهۆك ئەنجامتان دا بکەونەوە، یاخود باڵەخانە کۆنەکەی ناوەندی وەرزش و لاوان بۆ لاوانی مەخموور بگەڕێنەوە.

# ڕێبەر ئاریافۆنیش غەدری لە مەخموور کرد



**لەوکاتەی کۆمپانیای ڕێبەر ئاریافۆن دەست بەکاربووە لەشارۆچکەی مەخموور گلەییو گازاندەی زۆر دروستبووە کەوا هاوڵاتییان دەڵێن سودێکی وامان لەو ئاریافۆنە نەکردووەو هێڵی نۆرماڵیش نەما کە بڕیاربوو کورتەنامەو هێڵی ئینتەرنێت بەکاربکەوێت، بەڵام تاکوئێستا نەبووە؟ بۆ ئەم مەبەستە لەنزیکەوە چەند هاوڵاتییەکمان دواندو بەم شێوەیە گلەیی خۆیان خستەڕوو.**

ئا: جەلال خەیلانی

لەبارەی وەگەڕنەخستنی هێڵی ئینتەرنێتو پچڕانی تۆڕی ئاریافۆن هاوڵاتی مامۆستا غەریب محەممەد دەڵێت "لەوکاتەی ئێمە ئەم هێڵەمان وەرگرتووە هیچ سوودێکی وامان لێ نەبینیوە لەبەرئەوەی هێڵەکەی زۆر تەواو نییەو جاری وا هەیە دوادەکەوێت لە وەرگرتنی پەیوەندی، بەراستی نۆرماڵەکە زۆرباشتربوو، هەم لەبارەی قسەکردنو هەم لەبارەی ئینتەرنێتەوە، بەڵام کە ئاریافۆن هات خەڵك هیوایان وابوو زۆر باشتربێت، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا ئینتەرنێت نییە کە چەند جاریش وتویانە بەزووترین کات کاردەکات بەڵام نەبووە، نازانم هۆکاری ئەم کێشەیە چییە؟

هاوڵاتی ئیسماعیل مەجید خەزار گوتی "بەراستی ئەگەر بەکەیفی خۆم بایە خەتی ئاریافۆنم وەرنەدەگرت لەبەر ئەوەی هیچ سوودێکی نییە ئەگەر تەنها قسەبێت هەموو خەڵکی مۆبایلی هەیە ئەوەی خزمەتگوزارییەکانی تر"!، لەبارەی شەبەکە وتی "ماشاڵڵا شەبەکەیەکی چەند باشی هەیە!! لەبارەی ئینتەرنێت هەرچاوەڕوانم هیچ نییە، چونکە گۆڕینی نۆرماڵ بۆ ئاریافۆن تەنها زەرەر لەخەڵکی مەخموور دراو سودیشی بۆ کۆمپانیا هەیە، نازانم بۆچی ئینتەرنێت نادەن بە مەخموور".

هەروەها هاوڵاتی محەممەد رەحمان قادر بەم جۆرە هاتە دوان "بەڕاستی بەداخەوە پێش ئەوەی ئەم ئاریافۆنە بێت بۆ مەخموور خەتەکانی نۆرماڵ زۆر بەباشیو بەشێوەیەکی باش کاری دەکرد چ لەبارەی قسەکردنو چ لەبارەی ئینترنێت، بەڵام ئاریافۆن هاتە ناو مەخموور خەتی نۆرماڵ راگیراو، بەداخەوە ئاریافۆن خزمەتێکی بەرچاوی بە خەڵکی مەخموور نەکردووە تاکو ئێستا تۆری دەبچڕێو تاخیر پەیوەندی وەردەگرێتو ئینترنێت هەر نییە کەچی گوتیان پاش هەفتەیەك دەکەوێتەکار، بەڵام هۆکاری ئەمەش نازانین چییە، هەرنایدەن یان هۆیەکی تەکنیکیەو کاتیە، هیوادارین ئەگەر ئاوابێت با خەتی نۆرماڵمان بدەنەوە زۆر چاکترە".

دواجار سەردانی بگۆری مەخموورمان کردو (پشتیوان مەلا رەسول) فەرمانبەر لە بگۆری مەخموور تایبەت بە نورۆز تلیکۆم گوتی، لەکاتی دابەشکردنی هێڵەکان راستە ئێمە بە خەڵکمان راگەیاند پاش هەفتەیەك هێڵی ئینترنێت کاردەکاتو دواتر بۆ ٢٠٠٩/٦/١٥، بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی تەکنیکی بەڵێنەکەمان دواکەوت، چونکە هەندێ کەموکوڕیمان هەیە لەناو بەدالەکە ئێمە وامان زانی بەزوترین کات چاك دەبێ، بەڵام نەکرا ئینشائەڵڵا بەماوەیەکی کەم ئینترنێت لە ئاریافۆن کاردەکات، بەڵام بەڵێنتان پێ نادەین چ کاتێك دەبێ، بۆ پچرانی تۆرەکەیان وتی: ئێمە لەنێوان هەولێرو مەخموور کێبلێکی ژێر زەویمان هەیە، چەند رۆژ لەمەوبەر لەئەنجامی کارکردن لەرێگاکە کێبلەکە پچرابوو، بەڵام خۆشبەختانە بۆ ماوەی (١٠) کاتژمێر چاك کرایەوە ئێستا بەباشی کاردەکات، سەبارەت بە گلەیی خەڵکی مەخموور گوتی: زۆرکەس پڕوپاگەندە دەکەن دەڵێن ئینترنێت نادەن یان ئاریافۆن فێری لەمەخموور کرد، وتی ئاریافۆن خزمەت بەخەڵك دەکات نەك فێر، ئەم قسانە دوورن لەڕاستی.

### جەمیل سنجاوی کاندیدی لیستی (٥١):

# لیستی (٥١) خەمخۆرترین لیستە بۆ دەڤەری مەخموورو دەوروبەری



**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK کە بە لیستی ژمارە (٥١) بەشداری هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ی پەرلەمانی کوردستان دەکات، بەمەبەستی روونکردنەوەی بەرنامەی لیستەکە سەبارەت بەدەڤەری مەخموورو هەندێ پرسی تر (دەنگی مەخموور) ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ (جەمیل سنجاوی) کاندیدی لیستی (٥١) سازکرد:**

*** پۆستەر دڕاندن و دابەزاندنی ڕیکلامەکان وەك دیاردەیەکی ناشیرین ڕووبەڕووی هەندێك لە لیستەکان بۆتەوە، تا چ ڕادەیەك ئەم دیاردەیە ڕووبەڕووی لیستی (٥١) بۆتەوە؟**

- ئەم دیاردەیە خۆی لەخۆیدا کردەوەیەکی ناشیرین‌و ناشارستانییە، کەسانێك ئەم کارە ئەنجام دەدەن کە هەرگیز باوەڕیان بە پرۆسەی هەڵبژاردن نییەو بگرە متمانەشیان بەخۆیان نییە، بەباوەڕی ئێمە پۆستەر دڕاندن‌و دابەزاندنی ڕیکلامی لیستەکان هەڕشەیەکی مەترسیدارە بۆ سەر پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستاندا پێویستە بە هەموو لایەکمان ڕووبەڕووی ببینەوە، بەداخەوە لیستەکەی ئێمەش کە ژمارە (٥١)ە، بێبەش نییە لەم دیاردە قێزەونەو لەزۆربەی شارو قەزاو ناحیەکان دووچاری ئەم دیاردەیە بۆتەوە، من پێم وایە بەڕێوەبردنی ئەم دیاردەیە بڕیارێکی بەرنامە بۆدارێژراوەو هیچ کەسێك لەخۆیەوە ئەم کارە ئەنجام نادات ئەگەر بڕیارو ڕێنمایی کەسانی تری لەپشتەوە نەبێت.

*** بەرنامەی لیستی (٥١) بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) چییە؟**

- ماددەی (١٤٠) ماددەیەکی دەستوورییەو بڕگەیەکی تایبەتە بە قەرەبووکردنەوەی هاوڵاتییانی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان، ئێمە هەست دەکەین ئەو ماددەیە زۆر بەسستی بەڕێوە دەچێت‌و هەمیشە لەمپەرو گرفتی بۆ دروست دەکرێت، لەهەمان کاتدا پێمان وایە نادادپەروەرییەك هەیە لەدابەشکردنی چەکەکانی قەرەبووکردنەوە، ئێمە وەك لیستی (٥١) کار دەکەین لەپێناو خێرا جێبەجێکردنی ماددەکە بۆ ئەوەی چیتر هاوڵاتییان لە بەدیهاتنی مافەکانیان لەچاوەڕوانیدا ماندوو شەکەت نەبن، هەروەها هەوڵ دەدەین ئەو نەخشەو پیلانانە هەڵبوشێنینەوە کە نەیارانی کورد لەهەمبەر ماددەی ١٤٠و تێکەڵکردنی بەهەندێك کێشەی سیاسی پیادەی دەکەن.

*** لیستی (٥١) کاندیدی لەدایکبووی دەڤەری مەخمووری لەخۆگرتووە؟ دەکرێ بزانین ئەو کاندیدانە لەسەر چ بنەمایەك دانراون؟**

- بەڵێ لیستەکەمان لیستی (٥١) چەند کاندیدێکی لەدایکبووی دەڤەری مەخمووری تێدایە، کە بەگوڕو تینەوە دەیانەوێ خزمەت بە جەماوەری کوردستان بەگشتیی‌و هاوڵاتییانی مەخموورو قەراج‌و کەندێناوەو گوێر بەتایبەتی بکەن، لیستی (٥١) کاندیدەکانی لەسەر بنەمای شوێنی جوگرافی‌و پسپۆڕی جۆراوجۆر داناوە، کە هەر یەکەیان خاوەنی کەسایەتی بەتوانان‌و هەڵگری بڕوانامەی جیاجیان، باوەڕمەندین بەوەی کە دەتوانن خزمەتێکی باش بە خەڵکی کوردستان بکەن، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK کە بە لیستی ژمارە (٥١) بەشداری هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ی پەرلەمانی کوردستان دەکات، لەڕابردوودا خاوەنی هەڵوێستی بوێری سیاسی‌و نەتەوەیی خۆی بووە، لەسەر هەموو ئاستەکاندا بۆتە لایەنێکی حیساب بۆ کراوو ئێستاش لەم هەڵبژاردنەدا بەبەرنامەیەکی چڕوپڕو هەمەلایەنە خۆی ئامادەکردووە بۆئەوەی زۆرترین ڕێژەی متمانەی جەماوەر بەدەستبهێنێت‌و لەپەرلەمانی داهاتوودا باشترین خزمەت پێشکەش بەخەڵکی کوردستان بکات.

*** بە بۆچوونی ئێوە ئەو هاوڵاتیانەی ماددەی (١٤٠) دەیانگرێتەوە ڕادەی بەشداری کردنیان لەدەنگداندا لەچ ئاستێکدا دەبێت؟**

- ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق کە لە ٢٠٠٩/١/٣١ ئەنجام درا، ئەوکاتە ئەو هاوڵاتییانەی لەچوارچێوەی ماددەی (١٤٠) دابوون نەیانتوانی بەشداری دەنگدان بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەیەکی زۆری خەڵك هاتنە مەخموور بۆ دەنگدان‌و نارەزاییان دەربڕی کە بێبەش کرابوون لەدەنگدان، من پێم وایە بەشداری ئەمجارەی هاوڵاتییان لەپرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێژەیەکی زۆر باش دەبێت، لەبەرئەوەی جەماوەر ئەمڕۆ لە جاران هۆشیاربۆتەوەو چیتر ڕێگە نادات مافەکانیان پێشێل بکرێت.

*** بەرنامەی لیستی (٥١) لە چ ڕوویەك زیاتر دەیەوێ خزمەتی دەڤەری مەخموور بکات؟**

- دیارە لای هەموومان ئاشکرایە قەزای مەخموورو دەوروبەری دەڤەرێکی فەرامۆشکراوەو بێبەشە لەسادەترین پڕۆژەی خزمەتگوزاریی، سەرەڕای ئەمەش ماوەی زیاتر لە شەش ساڵە لەنێوان دوو ئیدارەیی بێ خزمەت ماوەتەوە، لیستی (٥١) خەمخۆرترین لیستە بۆ دەڤەری مەخموورو دەوروبەری، لەبەرئەوەی تەنها ئێمە لە ئێش‌و ئازارو گرفتەکانی هاوڵاتییانی ئەم دەڤەرە دەگەین، قەزای مەخموور لە هەموو ڕوویێکەوە کێشەو گرفتی زۆری هەیە، پێویستی بە کەسانێکی دڵسۆزو خەمخۆر هەیە کە بەهانایانەوە بێت‌و داخوازییەکانیان جێبەجێ بکات‌و کێشەو گرفتەکانیان چارەسەر بکات، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم لیستی (٥١) دەتوانێ بەدەم داواکارییەکانی خەڵکی ئەم دەڤەرەکە بێت‌و کێشەکانیان چارەسەر بکات.

*** پەیامتان سەبارەت بە پڕۆژەی هەڵبژاردن بۆ خەڵکی مەخموور چییە؟**

- داواکارم لەخەڵکی مەخمووری خۆڕاگر، بەتایبەتی ئەوانەی ماددەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە، بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بچن‌و دەنگی خۆیان بەو لیستە بدەن کە هەمیشە لەخەمی ئەوان دایەو هەوڵ بۆ چارەسەری کێشەکانیان دەدات، ئەگەر هەڵبژاردن بۆ هاوڵاتییانی باشووری کوردستان نوێبوونەوەی دەسەڵات‌و باشتر خزمەتکردنی سەرجەم چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگە بێت، ئەوا بۆ ناوچە دابڕاوەکان بەتایبەتی دەڤەری مەخموور پرۆسەیەکی گرنگ‌و چارەنووسسازو یەکلاکەرەوەیە بۆ بەدیهێنانی مافەکان‌و پێشکەشکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان.

- جەمیل محەمەد قادرسلێمان ناسراو بە (جەمیل سنجاوی)
- ساڵی ١٩٦٤ لەمەخموور لەدایکبووە
- دەرچووی بەشی کوردی (کۆلیژی پەروەردە)ی (زانکۆی سەلاحەددین)ە.
- ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی YNDKە.
- خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی (دەنگی مەخموور)ە کە ئێستا مانگانە بەبەردەوامی دەردەچێت.

لەگۆڤاری (قەرەچووغ) وەك ئەندامی دەستەی نووسەران‌و راوێژکارو سەرپەرشتیاری گشتیی کاری کردووە.
- ئەندامی (یەکێتی نووسەرانی کورد – لقی هەولێر)ە .
- ئەندامی کارای (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان)ە .
- ئەندامی کارای (ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان)ە .
- ئەندامی (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان)ە .
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (میدیا)ـە.
- ئێستاش لە هەولێر دادەنیشێ.

# مەخموور و بەڵێنی بەرپرسان



**موحسین شوانی**

باسی مالوێرانییەکانی سەردەمی بەعس‌و دیکتاتۆری روخاوتان بۆناکەم، ناچمە نێو مێژووش‌و حیکایەتی دروست بوون‌و بە قەزا بوونی ئەم شارۆچکە بێ بەختان وەبیرناهێنمەوە، چونکە ئێمەی کورد ئەوەندەی شانازی بە مێژوو رابردوی خۆمان دەکەین، ئەوەندە گرنگی بە ئێستاو سەردەمی نوێ وژیانی رۆژانەی بەردەوام نادەین بایەخیش بە داهاتووو دوارۆژی میللەتەکەان بە گوێرەی پێویست ناخەینە بەرنامەو ئەجندای کاری رۆژانەمان، تەنیا دوای مردن‌و نەمان‌و کۆچی‌و لە دەستدان شین‌و رۆرۆو پرسەو فیستیڤاڵی نەبڕاوەی بۆ سازدەکەین ئەو مەخموورە زۆر مەغدورە! مەغدووریەکی گەیشتۆتە ئاستێك کە مرۆڤ ئیتر لەو شارە دەست لەخۆی بەربدات‌و وەك نەخۆشێکی کوشندە کە هیچ چارەسەرێکی نەبێ، چاوەڕێ بەزەیی خواو مردن بکات، ئاخر ئەگەر بەڵێن‌و قسە بوایە، دەبوایە ئەم مەخمورە رکابەری شاری خەونەکان‌و گوندی ئەڵمانی بکردبایە! بەرپرسانی سەردەمی بەعس کە دەهاتنە ئەم شارەو خەڵکێکیان بە زۆری بۆ کۆدەکردەوەو لەبەردەمیدا کاسەلێسان هەڵدەپەڕین‌و بروح بدەمیان دەکردو رەشماڵ‌و هوتافیان بۆ سەرکردەی ئومەی عەرەبی هەڵدەدا، هەموو دەمانزانی ئەم نمایشە جگە لەشانۆگەریەکی درۆی زل چیتر نییە، بەڵکو دەبووە مایەی لێسەندنەوەی زەوی‌و زارو گواستنەوەی فەرمانبەران‌و کردنەوەو دامەزراندنی فەوجی پاشایەتی دروست کردنی چەندان گوندو موجەمەعەی تەعریب، بەڵام دوای روخانی بەعس‌و لەسێدارەدانی سەردەمی دیکتاتۆر، گوتمان ئیتر لەو دۆزەخە رزگارمان دەبێت‌و بەهەشتی ئازادی‌و رزگاری‌و دیموکراسی کوردستان پێدەبەخشن، هەرواش بوو، چەنکە کاتی بەرپرسانی ئیداری‌و حیزبی باڵا سەردانی ئەم دەڤەرەیان دەکرد دەیان بەڵێنیان بە دانیشتوانی دەدا، زۆرجار ئەو شانۆگەریە دووبارە نمایشی دەکرایەوە لەلایەن ماستاوچیەکان بەعسیەکان‌و بە هەمان شێوە هەر ئەوان لە لەریزی پێشەوە بوون‌و ئەم جارەیان کەلیمانی هوتافەکانیان لە سەدام‌و بەعسەوە دەگۆڕی بۆ کوردو کوردستان بەرپرسانیش دەیان بەڵێنیان بەئێمەی رەش‌و رووت دەدا! یانیش ئەو نوێنەرانەی بەناوی پیاوماقولانی مەخموور سەردانی سەرکردەکان‌و هەردوو حیزبی دەسەڵاتداریان کرد کە دەهاتنەوە مژدەی بەهەشتیان بەوشارە مەغدوورە دەگەیاند! وەکو سەردانەکەی بەغداو بینینی مام جەلال‌و بەڵێنی لێدانی سەد بیر!و قەرەبووی ماددەی ١٤٠و بەڵێنی ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری وەزیری وەرزش‌و لاوان، یاخود بەڵێنەکانی عومەر فەتاح جێگری پێشووی سەرۆك وەزیرانی کوردستان هەروەها بەڵێنەکانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان کە بەرپرسانی ئیدارەی مەخموور لەچەندین بۆنەدا بەناوی ئەو قسەیان دەکردو دەیانگوت چەندان ملیۆن دۆلاری تەرخان کردووە، بەڵام بۆساڵی ئاییندە، بۆیە حەقە خەڵکی مەخموور لەم بەڵێنانە بپرسێتەوە، یاخود ئەو پیاوماقولانە بانگ بکەن کە بەناوی خەڵکی مەخموور خواردنی چەوریان دەخواردو کە دەهاتنەوە بەڵێنی جۆراوجۆریان دەدا.

ئەم پرۆژانەی لەم شارەدا کراوە زۆر کەمن، بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن، ئەگەرجاران بەپاساوی ئیدارەی موسڵ‌و ڕێگری ڕازی نەبوون بە ئەنجامدانی پرۆژەکەمان، کە ماوەی (٦) ساڵ دانیشتوانی قەزای مەخموور لە دووریانی ئیدارەی (موسڵ-هەولێردا)گیریان خواردبوو، ئەوە ئەمڕۆ دوای هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان‌و دەنگدانی دانیشتوانی مەخموور بەلیستی برایەتی‌و پاشان پشتگیری تەواوی بایکۆتکردنی دانیشتنەکان ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ‌و لیستی حەدباپێویست دەکات ئاورێك لەم شارە بدرێتەوە، بۆئەوەی بیسەلمێنین کە خەمخۆری گەل‌و وولات‌و هاوڵاتیانی خۆمانین بە نوجەیفیەکان‌و ناحەزەکانمان بڵێین سەیرکەن چۆن ئەم قەزاکانی سەر بەپارێزگای موسڵ کە زۆرینەیان کوردن ئاوەدان دەکەینەوە و پرۆژەی خزمەتگوزاری تێدا ئەنجام دەدەین ئاخر ئەم خەڵکەی مەخموور نەهامەتی زۆر دیووە کارەسات‌و مەرگەسات‌و تالاّ وەکانی بەعسی چەشتووە پێویست دەکات وەك ناوچەکانی زێ کوردستان گرنگی پێ بدرێت کوا ئەو بەڵێنانەی پێش هەڵبژاردنی پارێزگاکان بە مەخمورتاندا.

# تکایە مەخموور مەدەنەوە عەرەب!

## بروسکەیەکی بە پەلە بۆ پەرلەمانی کوردستان

**نەبەز قەرەچووغی**

مەخموور ئەو قەزا کوردنشینەی کە بۆ چاونوقانێکیش سازشی لەسەر کوردستانی بوونی خۆی نەکردووە هەمیشە وەك پێشمەرگەیەکی قارەمانی ناو سەنگەر بۆ چرکەساتێکیش سڵ نەبۆتەوە لە خەبات‌و بەرەنگاری دوژمنانی‌و بەرپێچی هەموو ئەو پلانە دارێژراوانەی داوەتەوە کە بۆگۆڕینی دیموگرافیای دانراوە، کەچی ئەمڕۆ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە رەتی کوردستان بوونی بکرێتەوە.

بۆ هەمیشە پلانەکانی دژ بەو قەزایە بەردەوام بونە لەلایەن سەرانی رژێمی بەغدا، تا کار گەیشتە وێرانکردنی تەواوی دێهاتەکان‌و راگواستنی خەڵکەکەی‌و بردنیان بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان و خرانە ژێر چاودێری دەزگا داپلۆسێنەرەکانی بەعس. بەڵام مەخموور توانی بەدەست‌و بازوی نەبەردانی مۆرك‌و رەسەنایەتی کوردبوون‌و کوردستانی بوونی خۆی بپارێزێت.

لەدوا پیلانیشان لەساڵی ١٩٩٦ لکاندنی ئەو قەزا کوردستانیە بوو لە پارێزگای هەولێرەوە بۆ پارێزگای موسڵ، بەڵام مەخمورییەکان لەسەر دروشمی "ئێمە کوردین‌و کوردستانین، هەولێرە ماڵە باب‌و دایکمانە" بەردەوام بوون. بەڵام ئەفسوس‌و هەزاران ئەفسوس ئەو ماڵە باب‌و دایکە دوای پرۆسەی ئازادی لێمان بوونە "زڕ"و نەك نەیتوانی ئەو نەوەیەی لەباوەش بگرێت‌و بیلاوێنێتەوەو فرمێسکی چەند ساڵ دووری بسرێتەوەو روخساری پەشێو خەمباری جوان بکات! بگرە نەیتوانی دەڤەرەکەش لەرووی ئاوەدانیەوە بخاتەوە دۆخی جاران، ئەوەشیان بەکۆمەڵێك بیانوی نادروست کە بەردەوام لەلایەن کاربەدەستانی کوردستان دەوترێتەوە کە گوایە جارێ مەخموور نەگەڕایتەوە بۆسەر هەولێر بۆیە کارمان بۆ ناکەن!؟، لەولاشەوە موسڵ دەڵێت "ئێوە سەر بە هەولێرن‌و کوردستانین‌و پشکتان لای ئێمەی عێراقی نیە"، لێرەوە لە بەرپرسانی کوردستانی دەپرسم بۆچی مەخموورتان خزاندە ناو ماددەی ١٤٠و بەشێکی زۆری خەڵکەکەشتان بێبەشکرد لە مافی قەرەبووکردنەوەو بێدەنگیشتان لەبەرامبەری کرد؟؟ یا ئەگەرخستانە ناو ئەو ماددەیەو پێتان وایە کوردستانیەو باوەڕتان بەیاسایە! فەرموون باوەشی ئاوەدانیتان بۆی بکەنەوە نەك لەوتارەکانیشتان بێزتان نایەت ناوی مەخموور لەگەڵ ناوچە جێ ناکۆکەکان بێنن، ئەوانە هەمووی رەتکردنەوەی کوردستانی بوونی ناوچەکە بوو تاکو ئێستا، بەڵام لەوەی زیاتر هەستی مەخمورییەکان بریندارتر بکات‌و ئاخ بۆ خەبات‌و قوربانییەکان هەلکێشن کە بۆ پاراستنی کوردستانی بونی خۆیان دایان‌و ئەمڕۆ پێیان دەڵێن "ئێوە کوردستانی نینە؟!" ئەوەتا گەواهی قسەکانم رەشنوسی دەستورە دەنگ لەسەر نەدراوەکەی کوردستانە کە لەدەروازەی یەکەمی بنەما سەرەکییەکان لەماددەی دوو هاتوەو دەڵێت: (یەکەم: کوردستانی عێراق قەوارەیەکی جوگرافیی مێژووییە، پێکدێت لە پارێزگای دهۆك بە سنووری کارگێڕی ئێستایەوەی‌و لە پارێزگاکانی کەرکوك‌و سلێمانی‌و هەولێرو قەزاکانی ئاکرێ‌و شێخان‌و سنجارو تلکێف‌و قەرەقوش‌و ناحیەکانی زمارو بەعشیقەو ئاسکی کەلەك لە پارێزگای نەینەواو هەردوو قەزای خانەقین‌و مەندەلی لە پارێزگای دیالە. ئەمەش بەسنووری کارگێڕی پێش ساڵی ١٩٦٨یانەوە) باشە دیسان دەپرسم ئەو هەموو دژایەتی کردنەی مەخموور بۆچی؟ بۆچی بە زۆری دەی دەنەوە عەرەب، ئەی مەخموورو ناحیەکانی سنوری جوگرافیای هەرێمی کوردستان پێك ناهێن ئەگەریش باش لە جوگرافیای کوردستان نەتان روانیە فەرموون سەیربکەن تاکو بیرتان بێتەوە کە کێندەری کوردستانە؟ هەروەها ئەوەشمان بۆ مەکەن بە بیانو کە مەخموور لەسەر جوگرافیای هەولێر ئاماژەی بۆ هاتووە، چونکە تاکو ئێستا هەولێر مەخمووری بەهی خۆی نەزانیەو تاکو ئەو فیلەشمان لێبکەن!.

لەکۆتاییدا دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە پێویستە لەسەر هەمووماڵ وەك خەڵکی سنورەکە برژێنە سەرشەقامەکان نارەزایی‌و بەرپرسە خەوخۆشەکانی سنورەکەو کوردستان وەئاگا بێنین کە ئێمە کوێن‌و کێندەری کوردستانین؟ دەنا دەبینە هەرێمێکی سەربەخۆی فیدراڵی! چونکە هێشتان کات ماوە بۆ پرکردنەوەی ئەو هەڵە مێژووە گەورەیەو هێنانی ناوی دەڤەرەکە لەدەستوور، پێویستە پەرلەمانی کوردستان وەلامێکی بۆ ئەو قسانە هەبێت‌و دوای دانانی ناوی مەخموور بەفەرمی‌و داوای لێبوردن لە خەڵکی دەڤەرەکە بکات.

